نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی:ئێران درێنی شاهیدی بە رووسیا گواستوونەتەوە لە دژی ئیسرائیلیش بەکاری هێناوە

نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەتی وتی:ئێران درێنی شاهیدی بە رووسیا گواستوونەتەوە لە دژی ئیسرائیلیش بەکاری هێناوە.

باسی لەوەشکرد:-هەرش کردنە سەر کەشتیە بازرگانییەکان لە دەریای سوور دژی یاسا نەتەوەیەتییەکانە، کە هەمیشە لە رێگەی حوسیەکانی یەمەن ئەنجامدەدرێن کە ئێران پاپشتیان دەکات.

ئاماژەی بەوەشدا، ئێران درێنی شاهیدی بە رووسیا گواستوونەتەوە لە دژی ئیسرائیلیش بەکاری هێناوە، ئەم گواستنەوەیە پشێل کردنکی روونە، هەروەها ئێران چەند ساڵێکە یاسا نەتەوەیەتییەکان پشێل دەکات بەوەی بەردەوامە لە هەرشکردنە سەر کەشتیە بازرگانییەکان لە دەریای سوور.

نوێنەری ئەمریکا، وتیشی: ئێران دەستی هەبوو لە هەرشکەی 7ـی ئۆکتۆبەر کە چەکدارانی حەماس بە سەر ئیسرائیل ئەنجامی دا و ، ئەوەی ئێستا لە غەززە رووەدات دەستی ئێرانی تێدایە.

جەختی لەوەش کردەوە، کە دەبێت وا بکەن ئێران پابەند بێت بە جارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەرشکانی رابگرێت، نوێنەری ئەمریکا دەشێت: ئەمریکا پشتگیری لە ئیسرائیل دەکات بە ئەوەی لە بەرامبەر هەرشکانی ئێران بەرگری لێخۆی بکات.